سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا
نەقیبی سەندیکا

نقابە مهندسی کوردستان
مجلس النقابە
KURDISTAN ENGINEERS UNION
COUNCIL OF UNION

KURDISTAN ENGINEERS UNION

ژمارە: ن.س/ ٢٠٢٢/١٣ ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢٢

## بڕیاری سەندیکایی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە، لەپێناو بەرژەوەندی سەندیکاو بۆ ڕێکخستنەوەی هەیکەل و کاروبارو پۆستەکانی ئەنجومەنی سەندیکاو دەسەڵاتەکانیان و گونجاندنی لەگەڵ یاساو پەیڕەوەکەمان و سیستەمی کاری سەندیکایی، بڕیارماندا بە پێداچوونەوە بەسەر هەردوو بڕیاری ژمارە (١)ی دەرچوو بە نووسراومان بە ژمارە (ن.س/٢/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/٢/١١)و بڕیاری ژمارە (٢)ی دەرچوو بە نووسراومان بە ژمارە (ن.س/٣/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/٢/١١)و دارشتنەوەیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەڕێز صلاح الدین فخرالدین، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا، سەرەرای پلەو پۆستو کارەکانی تری لە سەندیکا، بە جێگری نەقیبی سەندیکا دەست نیشان دەکرێت.
٢. هەڵوەشاندنەوەی خاڵی سێیەم لە بڕیاری ژمارە (١)و دارشتنەوەی بەم شێوەیە:
هەیکەلی کارگێڕیو دارایی ئەنجومەنی سەندیکا پێك دێت لە دوو بەڕێوەبەرایەتی: (بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی)و (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری) لە ئەنجومەنی سەندیکاو هەریەك هەیکەلی تایبەت بە خۆی دەبێت.
٣. هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (١)ی بڕیاری ژمارە (٢)و کارکردن بە خاڵی (5)ی ئەم نووسراوە لە خوارەوە.
٤. هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (٤)ی بڕیاری ژمارە (٢)و دارشتنەوەی بەم شێوەیە: جێگری نەقیب، بە وەکالەت، دەبێتە سەرۆکی لیژنەی نووسینگە ئەندازەییو راوێژکاریەکانو مومارەسەی هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لیژنەکە دەکات تا گەڕانەوەی بەڕێز ئەندازیار فلیب بطرس رشو لە سەفەری دەرەوەی وڵات.
٥. خاڵی چوارەم لە بڕیاری ژمارە (١)ی ئاماژەبۆکراو لە سەرەوەدا، هەڵدەوەشێندرێتەوەو بەم شێوەیەی لێدەکرێت (نەقیبی سەندیکاو جێگری نەقیب، سەرپەرشتی ئەم هەیکەلە نوێیە دەکەنو لەکاتی ئامادەنەبوونی نەقیب لە سەندیکا بەهەر هۆکارێك بێت، جێگری نەقیب هەموو دەسەڵاتەکانی نەقیبی سەندیکای پێدەدرێتو مومارەسەی دەکاو هەروەهاش نوێنەرایەتی تەواوی دەکات بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە لەکاتی بەشداربوون لە کۆڕو دیدارو کۆبوونەوەو بانگهێشتە فەرمیو نافەرمیەکان بەگشتی.
٦. خاڵەکانی تری هەردوو بڕیار وەك خۆیان دەمێننەوەو کاریان پێدەکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا .....

عبدالرحمن علی کوردە
نەقیبی ئەندازیارانی کوردستان
٢٨ / ٣ / ٢٠٢٢

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KEU
ئەنجومەن
2000
KURDISTAN ENGINEERS UNION

وێنەیەك بۆ/
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز ئەندازیار صلاح الدین فخرالدین، جێگری نەقیب، هیواخوازی سەرکەوتنتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی نووسینگەکان، بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لقەکانی سەندیکا، بۆ پابەندبوون بەم بڕیارە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی، بۆ پابەندبوون بەم بڕیارە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، بۆ پابەندبوون بەم بڕیارە. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.
- دۆسیەی گشتی.